کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
17-6-2007 21:37بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## گوڵاڵە پشدەری، کورد دەڵێت: بۆری خوێن نەک دەماری خوێن!! ... د. زاهیر سوران

ئەوەی ڕاستی بێت زۆر لە مێژە حەزم دەکرد کۆمەڵێك کادیری تەندروستی جا گرنگ نییە پەرستیار بێت یان دختۆر پەی بەو ڕاستییە ببەن کە ئێمەی کوردیش وەك میللەتانی دونیا پێویستیمان بە نووسینی زانستی پزیشکی بە زمانی زگماك هەیە بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەتەکەمان. لەبەر ئەوەی نووسینی زانستی ڕاست دەرمانی ئەو عیللەتانەیە کە کورد پێوەی دەناڵێنێت!! هەرچەندە ئەوانەی لەم بوارەدا نووسیویانە زۆر کەمن و بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن وەلێ ژمارەیەکیان تەنیا جارێك نووسینێك وەردەگێڕن و یان دوو سێ بابەت هەرگیز ناگاتە پێنج بابەت کاتێك تێدەگەن کە نووسین توانای زمانەوانی، وشە و زاراوە و فرە شەونخونی گەرەکە پاشتر واز لە وەرگێرانەکانیش دەهێنن.
لە لایەکی ترەوە هەندێکی دی سوار ملی بابەتێت دەبێت یان ئەوەتا حەز دەکەن (وا دەزانن نووسین ئاسانە) بنووسن وەلێ توانای نووسینیان نییە هۆی ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوان وا دەزانن کە نووسین قسەکردنە!
نەخێر نووسین زانست و هونەرە، دەبێت سەرەتاو کۆتایی هەبێت، ڕێز لە ڕێزمان بگیرێت هاوکات دەبێت تێمپۆی موزیکی لە خۆگرتبێت بۆ ئەوەی خوێنەر لێی تێبگات (بابەتی پزیشکی)، پێویستە نووسەر زمانی کوردی زۆرباش بزانێت (قسەکردن و نووسن) بۆ ئەوەی بزانێت زاراوەی ڕاستی پزیشکی بە ڕێکوپێکی و بێ هەڵە لە شوێن و کاتی خۆیدا دابنێت.
بۆ نمونە لە قوتابی دواناوەندی کوردستان بپرسیت دەزانێت کە خوێنبەر و خوێنهێنەر دوو بۆری خوێنن، پەنکریاس گلاندە نەك غودە، بە رای من نابێت لەوە زیاتر خۆمان و زمانەکەمان ئەنفال بکەین. لەبەر ئەوەی ئەوکاتە خۆمان تاوانبارین بەرانبەر نەتەوەکەمان (نەك ئەوانەی کە ئەمڕۆ لەسەر ئەنفالی هەشتاکان دادگایی دەکرێن) لەبەر ئەوەی زمان ناسنامەی نەتەوەیەکە!
بە پێچەوانەشەوە نووسین هەموو ناوەرۆکەکەی لە دەست دەدات گەر مرۆ نازانستییانە لە نەخۆشییەك، نیشانەیەك یان بەشێکی لەشی تێبگات ئەوسا چەند دەستەواژەیەکی چەواشەکەر بە هەڵە دەچێتە مێشکییەوە و پاش تر وا دەزانێت ئەوەی ئەو ڕاستە.
ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە و لە مەرپەوە دەنووسم ئەو دوو نوسینەی گوڵاڵەپشدەری یە کە لە کورستان نێت دا بڵاوی کردۆتەوە کە بابەتەکان زۆر بە خراپی وەرگێردراون نەوەك نووسرابێتن (جیاوازە) . لە ئەم مانگەدا 2 بابەتی نووسیوە لە مەڕ بۆریەکانی خوێن و نەخۆشی شەکرە:
زۆر بە داخەوە نەك تەنیا گوڵاڵەخان (لە وانەیە بە کوردی نەی خوێنیبێت) بگرە ژمارەیەکی زۆر لە پزیشك و پەرستیاری کوردستانیش دەبێژن دەماری خوێن!! ئەز لە هەموو کۆڕ، سیمینارەکان و نووسینەکانمدا باسی ئەو زاراوە هەڵە و سەقەتانەم کردووە و دووبارە لێرەشدا بە هەمووان دەبێژم کە ئەو زاراوەیە هەڵەیە و نەنگییە بۆ ئەو کەسەی بەکاری دەهێنێت، وەلێ بەداخەوە گوڵاڵە خان یش بێئەوەی لە زاراوەکە تێبگات کەوتۆتە ئەو داوەوە!
ئەوەی ڕاستی بێت بۆری خوێن بەو لوولەیە دەگۆترێت کە خوێنی پیادا دێت و دەچێت جا گرنگ نییە خوێنی پاك بێت یان پیس.
ئەو بۆریانەی خوێنی پاك یان پیادا دەڕوات پێیان دەوترێت خوێنبەر لەبەر ئەوەی خوێنی نێو ئەو بۆریانە ڕێژەیەکی بەرز لە ئۆکسجین ی تیادایە و ئەو بۆریانەن کە خوێن لە دڵەوە دابەش دەکەن بۆ بەشەکانی دی لەش.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بۆریەکانی دی کە خوێنی پیس یان پێدا دەڕوات پێیان دەوترێت خوێنهێنەر لەبەر ئەوەی خوێنی نێو ئەو بۆریانە رێژەیەکی بەرز لە دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی تیادایە و ئەو بۆریانەن خوێن لەبەشەکانی لەشەوە کۆدەکەنەوە و دەیهێننەوە دڵ بۆ پاککردنەوەیان.

دەمار بە مانای (عەسەب) واتە (Nerve) ی ئینگلیسی دێت بەشێکی کۆئەندامی دەماری لەشە و تەزووی پیادا دەڕوات زۆر زۆر جیاوازە لە دەمارە خوێنەکانی نێو نووسینەکانی گوڵاڵەخان.

هەرچەندە تا ئەمڕۆ لە نەخۆشخانەکانی کوردستاندا دکتۆرەکان بە پەرستیارەکان دێژێت دەرزییەکی دەرمار بۆ ئەو نەخۆشە بکە!! بە داخەوە ئەوە هەڵەیەکی ئەوەندە گەورەیە گەر لەو وڵاتە بێکەسەی ئێمەدا نەبێت (دەرزی دەمار کە دەبێتە هۆی شەپڵەداری نەخۆش یان تەنانەت مردن)، دەبێت بە پێی یاسا ئەو دکتۆرە سزا بدرێت لەبەرئەوەی زاراوەیەکی هەڵەی بەکارهێناوە و کە لەوانەیە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە نەخۆش. وەلێ گەربێت و بە نووسین بنووسێت (دەرزییەك بدرێت لە دەماری فلان نەخۆش) ئەوا لەوانەیە نانبڕاو بکرێت.

جا لێرەدا نامەوێت بچمە نێو ئەو هەموو زاراوە نەشازە سەروگوێلاك قرتێنراوە نارێزمانییەی کە لە بابەتی نەخۆشی شەکرە ی رۆژی 16ی مانگدا بڵاوکراوەتەوە کە بابەتە هۆڵەندییەکەی سەقەت کردووە یان زۆر زۆر جیاوازە. ئەوە وشەی (وشە) نەدەبواییە دووبارە و سێ بارە بە 2 و (ووشە) بنووسرایە لەبەر ئەوەی هەڵەیە.

لەوباوەڕەدام هەمووان ئافەرینمان لە گوڵاڵەخان دەکرد گەر چاوێکی بە وشەدان ی سایتی تەندروست نێت (www. tendrust. net) دا بخشاندایە پێش ئەوەی بابەتەکەی بڵاوبکاتەوە.

ئەز هەمیشە گووتومە و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە کە ئەو بابەتە کرچوکاڵە سەقەتەی کە بێهەستکردن بە بەرپرسیارییەتی یان بە ئەنفەست نوسرابێت و نەتوانێت بۆری خوێن لە دەمار جوودا بکاتەوە نە نوسرێت باشترە، چەند زیانبەخشە بنوسرێت دوو ئەوەندە زیانبەخشە کە بڵاوبکرێتەوە!!

ماڵئاوا

د. زاهیر سوران
پسپۆری نەخۆشییە درمەکان
پسپۆری نەخۆشییە گشتییەکان
پزیشکی بەشی خۆپاراستنی نەخۆشییە درمەکان- ستۆکهۆڵم.
070716

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.